# ئەو کاتەی) پەروەردگار نزیکترینە لە بەندەوە ؛ لە سێیەکی کۆتایی شەو

لە ئەبی ئومامەوە دەڵێت: عەمرو ئیبن عەبسە -ڕەزای خوای لێبێت- پێمی ووت کە گوێی لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بووە کە فەرموویەتی: «(ئەو کاتەی) پەروەردگار نزیکترینە لە بەندەوە ؛ لە سێیەکی کۆتایی شەو، ئەگەر توانیت لەو کەسانە بە کە یادی الله دەکەن لەو ماوەیەدا».

[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە پەروەردگار -سبحانە وتعالی- نزیکترینە لە بەندەوە لە سێ یەکی کۆتایی شەو؛ بۆیە ئەی بەندەی ئیماندار ئەگەر ڕێنموێنی کرایت وتوانیت لە ڕیزی کەسە خواپەرستە نوێژخوێنە تەوبەکارە یادکارەکان بە لەم کاتەدا، چونکە ئەمە بابەتێکە پێویستە بەندە بەهەلی بزانێت وتیایدا کۆشش بکات بۆ پەرستنی الله.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3236

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee